# ئەوە کێیە؟



باوکی مانگایە.
دایکی چێڵە.
گژ و گیا ئەخوات و
نزیکەی (٢٠) ساڵان
ئەژیت.
ناوی چییە؟





# سەیرە بەڵام ڕاستە!



- هەندێک کیسەڵ هەن تەمەنییان لە (٢٥٠) ساڵ پتر ئەبێت.
- زەرافە، ئەو ئاژەڵەی بڵندییەکەی ئەگاتە شەش مەتر و بەتەنیا گەردەنی دوو مەتر درێژە، لە هەموو ئاژەڵێک کەمتر ئەنوێت، ئەو لە شەو و ڕۆژێکدا تەنیا دوو دەمژمێران ئەنوێت.. ئەویش بەپێوە..!



- جوتێ مشک لەماوەی ساڵێکدا، ئەتوانن ببنە دوو هەزار!
- شێر کە پێی ئەگوترێ، پاشای دارستان، پاشایەکی تەمبەڵە، ڕۆژانە (٢٠) دەمژمێر ئەخەوێت، بەڵام پاشایەکی زۆر خۆرە، کاتێ ڕاویش ئەکات چل کیلۆ گۆشت لە سەریەک ئەخوات.
- حوشتر، ئەتوانێت بۆ ماوەی دە ڕۆژ زیاتر بێ ئاو و خواردن بژیت و کاتێک برسیش بوو، هەر شتێکی دەسکەوێ .. تەنانەت مەندیل و عەگالی خاوەنەکەشی بێت.. ئەیخوات..!





ئەم باڵندەیە بناسە.

# نەورەس



ئەو کەسانەی ئەچنە کەنارەکانی دەریا، یەکسەر گوێبیستی دەنگی باڵندەیەکی قەشەنگ و خنجیلانەی رەنگ سپی ئەبن، ئەم باڵندەیە نەورەسە.
بەقەبارە هەندەی کۆترە و تۆزێک گەورەترە، نەورەس هێلکەکانی لەناو تاشەبەرد و گردەکان دا ئەنێ، زۆربەی کاتەکانی خۆی لە سەر ئاوی دەریاکاندا بەسەر ئەبات، نەورەس زۆر جۆری هەیە، لەوانە نەورەسی رەش، کە لە جۆرەکانی دیکە زۆرتر و جوانترە، درێژییەکەی (٧٠) سەنتیمەترە، نەورەس بەزۆری لەکەنارەکانی ئەوروپا ئەژی. جۆرێکی دیکەی نەورەس کە پێی ئەڵێن «عاج» تەنها لە ناوچە جەمسەرییە بەستووەکاندا ئەژی.
نەورەس، زۆر لە کەنارەکان دوور ناکەوێتەوە، چونکە ئەگەر زۆر بفڕێت ماندوو ئەبێت، خواردنی سەرەکی نەوردس، ماسییە، بەڵام هەندێ جۆری نەورەس کرم و پاشماوەی خواردەمەنی سەرئاو کەوتووش ئەخۆن. مێیەی نەورەس لە ساڵێکدا (٢-٤) هێلکە دائەنێت.
ئەگەر هێلکەکان تروکان و بوونە بێچووی جوان، ئەوا بێچووەکان دوای مانگ و نیوێک دەست بەفڕین ئەکەن.





## بیانبینەوە!

وێنەی دووەم لە بەر وێنەی یەکەم گیراوەتەوە، بەڵام هەشت هەڵەی تێدایە، زیرەک بە و بیانبینەوە.




